# دەبێ پاساوی ئەوە چی بێ کە پڕۆژەی دەستووری کوردستان بە کوردی نییە؟

سیروان کاروانی

هەروەک دیارە کە لەناو ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستاندا، ماوەیەکی باشە کۆمەڵێک خەڵک سەرقاڵی کارکردنن لەسەر پڕۆژەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان و، ئێستاش ئەو دەستوورە لەبەر ڕۆشنایی پێشنیازەکانی ئەنجوومەن بە زمانی عەرەبی بۆ خەڵکی کورد نووسرایەوە.

بەر لە هەموو شتێک، هیواخوازم ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان بە هەموو ئەندامەکانییەوە، کارێکی وا بکەن کە پێش ئەوەی یەک تاقەوشەی ناو پڕۆژەی ئەو دەستوورە بە زمانی عەرەبی پێشان بدرێت، نووسینەوەی بە کوردی ئەنجام بدرێت و ئەوە نەبێتە پەڵەیەک بە نێوچاوانی ئەنجوومەنی نیشتیمانییەوە، کە گەورەترین هیوای دوارۆژی کوردە و هەموو کوردێک بەو هیواوەیە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەربەخۆیی تەواوی کورد بە زمانی شیرینی کوردی لە هۆڵی پەرلەمانەکەیدا بخرێتەبەر دەنگدان.

گەلی کورد مێژوویەکی ئێجگار دوورودرێژی پڕ لە تێکۆشان و سەروەریی بێوێنەی بڕی هەتا بگاتە ئەو ڕۆژەی بە ئازادی بژی و بەهیوای بەرزی خۆی کار بۆ بووژاندنەوە و خزمەتکردنی کولتووری دێرینی خۆی بکات. هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە بهێنیتەبەر پرسیار، دەخوازێ لەسەر خاکی کوردستانەکەی تا ئەو شوێنەی بڕ دەکات، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو شوێنێکدا بە شێوەیەکی سەرەکی بێت و، ئەوە لە هەموو دامودەزگە حکومی و ئەهلییەکان بەتەواوەتی ببێت بە شتێکی فەرمی و، لە پێش هەموویانیشەوە ئەو جۆرە هەنگاوانە لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی نیشتیمانی و ئەندامەکانییەوە بێت، چونکە ئەنجوومەن هی ئەو نیشتیمانەیە کە کوردستانە و ئەندامەکانی لە نوێنەرانی ئەو خەڵکە پێکهاتوون کە هاووڵاتیی سەر خاکی ئەو نیشتیمانەن.

ئەفسووس، کە خەڵکی کورد لەمەشدا هەر بەخت نەیاریانە، ئاخر چۆن دەبێت دەستوور بۆ خەڵکێک بنووسرێتەوە کە زمانەکەی خۆی تێدا نەبێت، یاخود لە پێش هەمووانەوە نەیەت و چی هەیە لە دەستووری وڵاتێک کە بەرنامەی ژیانی کۆمەڵەخەڵکێکی پێوە بەندە پیرۆزتر بێت، هەرچەندە کە لە کاتی ئێستادا هەرێمی کوردستان بە بەغدادەوە بەسترابێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا وەک ئەنجوومەنی نیشتیمانی بەخۆی دەڵێت هەرێمی کوردستان حکومەتی خۆی هەیە، ئەدی ئەمەیان لە چی؟

تۆ بڵێی لەناو ئەو هەموو یاساناس و ئابووریناس و لێکۆڵەر و نووسەر و زماناناس و ڕۆشنبیرانەی لە کوردستان و لێرە و لەوێ خەریکی دەرکردنی دەیان ڕۆژنامە، هەفتەنامە و کاری تری ڕۆشنبیرین و، ئەو هەموو سەندیکا و یەکێتیی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان و لقەکانی ئافرەتان و... هیتر، نەکرێ لیژنەیەک پێکبهێنرێ بۆ نووسینەوەی ئەو دەستوورە بە زمانی کوردی، هەتا لەپێشدا بە عەرەبی نەنووسرێتەوە؟

جا کەوابوو ئەگەر گەلێکی گەورە و گران کارێکی لەو شێوەیەی پێ ئەنجام نەدرێ، چۆن دەتوانێ داوای سەربەخۆیی و دەوڵەتی خۆی بکات. جێگەی داخە کورد ئەم پرسیارە لە خۆی بکات، چونکە هەتا ئێستا بیانییەکان ئەو جۆرە پرسیارانەیان لە خەڵکی کورد کردووە.

- هەر لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام و پەیدابوونی ئەو بیروباوەڕە، ناوی بیانی لە کوڕان و کچانی کورد نرا، ئەوە لە کاتێکدا کە بە بۆچوونی زۆر لە تێگەیشتووانی ئایینی ئیسلام، ناو هیچ پەیوەندییەکی بە بیروباوەڕی خودی مرۆڤەکەوە نییە و هیچ ڕەنگدانەوەیەکی خراپی بۆ سەر ئایینەکە نییە و، لەوێدا مرۆڤەکە ئازادە، کەوابوو بەکارهێنانی ناوی کوردی بۆ کچان و کوڕانی کورد ناچێتە خانەی بێ-باوەڕییەوە.
- لە دەسپێکی بیری داگیرکارانەی تورکان بۆ هێنانەکایەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، تورکەکان لە کاتی داگیرکردنی هەر شوێنێکدا، هەوڵی ئەوەیان دا هەرچی ناوە بە سروشتیشەوە، وەک کانیاو و ڕووبار و شاخ

و دێ و شارۆچکە و تەنانەت قەڵاکانیشەوە، بگۆڕن بۆ ناوی تورکی و ئەوەش لەسەر خاکی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو هەتا ئێستا درێژەی هەیە و هەزاران نموونەی لەو شێوەیە هەیە. ئەوەش بە شێوەیەکی گشتی لە دەوروبەری کەرکووک و شارۆچکە و دێهاتەکانیدا بە مەبەستی سیاسەتێکی پڕ مەترسیتر لە داگیرکاری و مانەوەدا هەوڵی بۆ دراوە. تەماشای ئەم هەموو شۆڕشی (قەرە)یە بکە کە کراونەتە ملی دێهاتەکانی دەوروبەری کەرکووکەوە کە مانای (ڕەش) دەدات، بە مەرجێک لە زمانی کوردیدا یەک وشە بە ناوی قەرە نییە: (قەرەدەرە، قەرەباشی، قەرەسالم، قەرەهەنجیر، قەرەبەگ، قەرەتەپە، قەرەناو، قەرەتوو) و زۆرەهای تر.

ئەوەی خەڵکی کورد و دانیشتوانی ئەو شوێنانە لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی و حکومەت و لێکۆڵەرەوان و ڕاگەیاندنە کوردییەکان چاوەڕێی دەکەن، گەڕاندنەوە و لێکدانەوەی هەموو ناوە کوردییەکانە بە گشتی بۆ کەس و شوێنەکان و لەو ڕێگەیەوەش بووژاندنەوەی سیمای نەتەوایەتی و هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە کولتووری کوردییەوە.

چەند باش دەبوو، ئەگەر کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانیش بەرنامەیەکی تێروتەسەلی کولتوورییان لەسەر ئەو بۆچوونانە هەبووایە و هەر جارەی بە میوانداریی چەند شارەزایەک، لەو ڕێگەیەوە باشترین خزمەتیان بە کولتووری کوردی بکردایە و بۆ شارەزاییی خەڵکی کورد ڕەواترین وشەیان پێشکەش بکردایە.

2006.07.05